پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بە بۆنەی ١٨یەمین ساڵیادی تێڕۆری دوکتور قاسملوو*

هاونیشتمانانی خۆشەویست!

هاوڕێیانی ئازیز!

جارێکی دیکە لە ١٨یەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ڕێبەری مەزن و ناوداری کورد، د. قاسملوودا کۆبوینەتەوە تا وێڕای دانەوانـدنی سەری کڕنوش و نەوزاش بۆ فیداکاری و لەخۆبردوویی شەهیدی نەمر، د. قاسملووو هەموو شەهیدانی گەل وەك ساڵان گەشتێك بەناو بەشێك لە بیری پێشکەوتنخوازانەیدا بدەینەوە بۆ ئەوەی بیکەینە ئەزموونی ڕێگای خەباتمان و پەیمان لەگەڵ گیانی پاکی نوێ بکەینەوە کە لەسەر ڕێبازە نەتەوەیی و دێموکرات و ئاشتیخوازانەکەی بەردەوام دەبین و تا گەیشتن بە حەز و ئاواتەکانی کە رزگاریی نەتەوەی بندەست و دێموکراتخوازی کورد بوو تاوێك هەدا نەدەین.

هاوڕێیان!

لەسەر زانایی و بلیمەتیی د. قاسملوو زۆر گوتراوە، بەڵام دیسانیش شتی نەگوتراو لە تواناکانی زۆرن و هیوادارم بە تێپەڕینی زەمان ڕۆژبەرۆژ لایەنەکانی ژیانی ئەم ڕێبەرە بلیمەتەی میللەتەکەمان بۆ نەسڵی لاوو تازە پێگەیشتوو زیاتر ڕوون ببێتەوە، بۆ ئەوەی دەرس و ئامۆژگارییەکانی بکەنە چرای ڕێگای خەباتیان لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد.

د. قاسملوو لە خەباتی نێوخۆییدا ئیمانێکی قوڵی بە پاراستنی ئوسوول و پرنسیپە دێموکراتیکەکان هەبووو دەنگی ئەندامانی حیزبی بە سەرچاوەی ڕەوایی ڕێبەرایەتی دەزانی هەر بۆیە لە هەموو کۆنگرەکاندا سەرەتا لە هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی حیزبدا بەشداری دەکردو پاشانیش لە نێو ڕێبەرایەتیی حیزبدا خۆی بە کاندیداتۆری سکرتێری دەپاڵاوت. ئەو لە دژی هەرچەشنە میکانیزمێکی سەوداکارانە بوو کە کەس یا گرووپێك بیانهەوێ خۆیان بەسەر حیزبدا بسەپێنن و تا لە حەیاتدا بوو دژی ئەو کەس و گرووپانە خەباتی کرد.

د. قاسملوو کە دژی بیرۆکەی عەشیرەیی و ناوچەگەرایی بوو و بەتوندی لە بەرانبەری ئەو شێوە بیرکردنەوە کۆن و دواکەوتوویە رادەوەستا، هەر بۆیە زۆرجار دەکەوتە بەر پەلاماری سەردەمدارانی ئەم بیرو بۆچوونە دواکەوتووانەیە، بەڵام ئەو کە ئیمانی بە حەقانیەتی بیرو بۆچوونەکەی هەبوو لە هێرشی نەیاران و دوژمنان باکی نەبوو.

هاوڕێیان!

د. قاسملوو دەیگوت دێموکراسی بۆ حیزبی دێموکرات هەدەفەو پێی وابوو، دێموکراسی چەکی گەلانی بندەست، یەك لەوان گەلی کوردە کە بەهۆی دابەشبوونی بەسەر چوار وڵاتداو نەبوونی دەرەتانی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ تا ئێستا نەیتوانیوە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بگا، مافێك کە هەقی بێ ئەملاو ئەولای هەموو تاك و نەتەوەیەکە بێبەش کراوە بگات، هەر لەو کاتەشدا بڕوای بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مانای یەکگرتنەوە بۆ

نەتەوەی دابەشکراوی کورد هەبوو، پێی وابوو کورد بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبێ گوتارێك هەڵبژێرێ کە دنیای دەرەوەو پشتیوانی لێ بکا. ئەم باوەڕەشی لەو راستییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە د. قاسملوو هێزو توانای کورد، هەڵوێستو بەرژەوەندییە جیهانییەکانی دەناسی بۆیە دەیگوت کورد بۆ گەیشتن بە مەبەست دەبێ خەباتی خۆی لە چوارچێوەی دیموکراسیو مافی مرۆڤدا مەترەح بکاو بیباتە پێش.

لە ڕوانگەی د. قاسملووەوە دێموکراسی لە وڵاتێکی فرە نەتەوەی وەك ئێراندا مانای دابەشکردنی دەسەڵات بوو کە لە سیستمێکی دێموکراتی فیدراڵیو مرۆڤ تەوەردا بەرجەستە دەبوویەوە، سیستمێك کە لەودا هیچ چەشنە جیاوازی دانانو هەڵاواردنێکی نەتەوەیی، جنسیو چینایەتی بوونی نەدەبوو. د.قاسملوو لەم بارەوە دەیگوت: "بە بێ بوونی رێژیمێکی دێموکراتی ڕاستەقینە مافەکانی گەلی کورد دابین نابێو بەبێ دابین بوونی مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردیش رێژیم بە مانای تەواوی وشە دێموکراتیك نابێ".

د. قاسملوو پێشکەوتوویی کۆمەڵو هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی بە رێژەی بەشداریی ژنان لەو کۆمەڵ یا بزووتنەوە سیاسییەدا گرێ دەداو لەم پەیوەندییەدا دەیگوت هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکاندا زیاتر بەشدار بن کۆمەڵ پێشکەوتوترەو هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترو شانسی سەرکەوتنی زیاترە هەروەها لاوانی بە سەرچاوەی هیزی گەلو هیوای دواڕۆژی وڵات دەزانی.

د. قاسملوو ئۆگری دیالۆگو پێوەندیی گەرمو گوڕ بوو، ئەو سەفیرێکی هەڵسووڕو هەستیار بۆ بزوتنەوەی کورد بوو. بەو زاناییو تێگەیشتوییەوە کە هەیبوو زۆر باش دەیتوانی دەردو ئازارەکانی میللەتەکەی بە گوێی خەڵکی دنیا بگەیەنێو پشتیوانیو خۆشەویستییان بۆلای بزووتنەوەی کورد رابکێشێ. لە ماوەی ژیانی سەربەرزانەیدا زۆر دۆستی بەوەفاو بەناوبانگی وەك خانمی مادام میتران، د. برنارد کۆشنێر، کریس کۆچیراو سەدانی دیکەی بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی کورد پەیدا کرد. ئەو رێگای حیزبی دێموکراتو حیزبە کوردییەکانی دیکەی بۆ رێکخراوی ئەنتەر ناسیۆنال سۆسیالیست کردەوەو بە ئەندام بوونی حیزبی دێموکرات لەم رێکخراوە نێونەتەوەییەدا ئاکامی هەوڵو تێکۆشانی ئەم گەورە پیاوەی مێژوی گەلەکەمانە.

بیری د. قاسملوو فرە ڕەهەندو فرە لایەنە هەرچەندی لەسەر بگوترێو بنووسرێ دیسان کەم گوتراوەو کەم نوسراوە. لە سەر د.قاسملوو زۆر لایەنو کەسایەتیی دێموکراتخواز لە نەتەوەکانی ئورووپایی، ئێرانیو عەرەب دواونو ئەویان بە ئاوێنەیەك لە بیروباوەڕی خۆیان وەسف کردوە، کە ئەمە نیشانەی بەرفراوانیی بیری ئەم رێبەرە مەزنەیە.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

١٨ ساڵ لەمەو بەر دێوەزمەی شەڕو کوندەبووەکانی ماڵوێرانی، مامۆستایانی تێرۆر، د. قاسملوویان لەسەر مێزی بەناو وتووێژ لێ ئەستاندینو پێیان وابوو بە تێرۆری د. قاسملوو دەتوانن بە مەبەستە گڵاوەکانیان کە کزو لاواز کردنی بزووتنەوەی کوردە بگەن، بەڵام وەك دەبینین د. قاسملوو ئەگەر چی بە جەستە لەنێوماندا نەماوە بەڵام بە بیرو باوەڕ هەر رێبەرەو لەنێوماندایە، لاوانی تازە پێگەیشتووی وڵات وانەی خەباتیان بە دژی سەرەڕۆییو لە پێناو ڕزگاریو دیموکراسیدا بە دروشمی قاسملو قاسملوو رێگات درێژەی هەیە دەست پێدەکەن.

چەندە کوێرو نەزانو نەفام بوون ئەوانەی پێیان وابوو بە شەهیدکردنی د. قاسملوو خەبات بۆ گەیشتن بە دێموکراسیو مافی گەل روو لە کزیو لاوازی دەدا، ئەوان شەمشەمەکوێرە بوون نەیاندەدیت قاسملوو رێبازێکی دیاری کردوە، ئوسولێکی بۆ خەبات داناوەو حیزبێکی پەروەردە کردووە کەبەم رەشەبایانە نایەتە لەرزینو تاسەرو تا سەرکەوتن رێگای خەبات هەرچەند سەختو دژوارو پڕکەندو لەندیش بێ دەپێوێ.

لە پاش ئەو ساڵانەدا کە د. قاسملوو لە ٢٢ پووشپەڕدا تیرۆر کرا ئەم رۆژە بۆ خەڵکی کوردستان بوەتە رۆژی خەباتو بەرخۆدانو لاوانی ئازاو تێکۆشەر لە دژی ئەم تێرۆرەو بۆ یاد کردنەوەو پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ گیانی د. قاسملوو دەست دەدەنە شێوەی جۆراوجۆری خەبات لە دژی رێژیمی کۆنەپەرەستو دواکەوتووی کۆماری ئیسلامیو پێی دەسەلمێنن کە قاسملوو ئەگەرچی بەلەش لەنێوماندا نەماوە، بەڵام لەبیروباوەڕیدا هەر زیندوەو رێبەرە.

دوو ساڵ پێش ئێستا بوو کە خەڵکی تێکۆشەری مهاباد لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا هەموو دووکانو بازاڕەکانیان داخستو پاش ئەم رۆژە بۆ ماوەی چل رۆژ لەسەر رێنوێنیی حیزبی دێموکرات هەر ماوەیەك لە شارێك لە سەرتاسەری کوردستانی ئێران ئەم ئێعترازانە لە شێوەی جۆراوجۆردا وێڕای سەرکوتێکی توندو بێ بەزەییانەی رێژیمو شەهیدبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانو بریندار بوونی ژمارەیەکی زیاترو گیرانی هەزاران کەسو لە زیندانو ئەشکەنجە کرانیان درێژەی کێشا. ساڵی رابردوش لەسەرداوای حیزبی دێموکرات لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا خەڵك دووکانو بازاڕەکانیان داخستو لە کاتی شەویشدا بۆ ماوەی سێ خولەك چرای ماڵەکانیان کوژاندەوە. ئەم حەرەکەتە ئێعترازییانە لە کاتێکدا بوو کە خەڵکی کوردستان لە بێبەزەییو سەرکوتگەریی رێژیم کەمترین شکیان نەبوو، بەڵام دیسان هاتنە مەیدان تا بە دوژمن بسەلمێنن ئەوان لەسەر رێبازی قاسملوو کە رێبازی رزگاریی گەلو دابین بوونی دیموکراسییە سوورنو ئامادەی دانی هەر هەزینەیەکن لەم پێناوەدا کە جێگای خۆیەتی جارێکی دیکە لەم تریبوونەوە بەتایبەت سلاو بنێرین بۆ شەهیدان، بریندارەکان، زیندانییانی سیاسی ئەو ئێعترازاتەو پێیان بڵێین، شەهیدە نەمرەکان، زیندانییە ئازارو ئەشکەنجە دیتوەکان دڵنیابن زۆر ناکێشی ئەو ئامانجانەی خۆتان لە پێناویدا فیدا کرد، ئازارو ئەشکەنجەی بەکرێ گیراوانتان بە گیان قەبووڵ کرد دێتە دیو گەل لە سایەی هەوڵو فیداکاری ئێوەدا رزگار دەبێ.

هاوڕێیانی بەڕێز!

٢٩ ساڵ پێش گەلانی ئێران لە ئاکامی خەباتێکی ئازایانەدا لە رۆژی ٢٢ی رێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاویدا تۆماری رێژیمی پاشایەتییان تێك پێچایەوە بەوهیوایە کە بەرهەمی ئەوخەباتو تێکۆشانە هاتنە سەرکاری رێژیمێکی لێ بکەوێتەوە کە لەودا خەڵك بە ئازادیو ئاسایشو ئاسودەیی بگەن، بەڵام زۆری پێ نەچوو خومەینیو دەزگای مەزهەبیی ئێران دەستیان بەسەر شۆڕشدا گرتو هەر لەیەکەم رۆژەکانی پاش شۆڕشی ئێرانەوە کۆمەڵگای ئێرانو دنیایان بە پێی باوەڕی مەزهەبیی خۆیان بە دوو بەشی حەقو باتڵ دابەش کردو بە پێی ئەم بۆچوونەش دەبوو تا سەپاندنی حەق بەسەر باتڵدا تێ بکۆشن، کەرەستەی ئەم تێکۆشانەش لەم روانگەیەوە جیهادە کە یەکەم مەرحەلەی ئەم جیهادەش لە ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ لە دژی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەلایەن خومەینییەوە راگەیەندراو

گیان‌و ماڵی خەڵکی کوردستان لە پاسدارانی جەهل‌و نەزانی حەڵاڵ کراو چ جنایەتێك لەم پەیوەندییەدا لەلایەن سوپای ڕێژیمەوە بەڕێوە نەچوو. هەر بە پێی ئەم باوەڕە دەستوری ناردنە دەرەوەی شۆڕش لەلایەن خومەینی یەوە سادر کرا کە لە ئاکامی ئەم بۆچوونەدا شەڕی ٨ ساڵەی ئێران‌و ئێراقی لێکەوتەوە کە لەودا بە میلیۆن مرۆڤ گیانیان لە دەست داو بە میلیاردها دۆلاریش کە دەبا خەرجی ئاوەدانی وڵات‌و ئاسوودەیی خەڵك کرابا، خەرجی کەرەسەی ئەم شەڕە بێ ئاکامە کرا.

ئاخوندەکان لەو ٢٩ ساڵەدا بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی ڕەشی خۆیان تەرفەندی جۆراوجۆریان بەکار بردو کاریان گەیاندە جێگایەك کە بە لێدوانی ڕۆژ پەسەندو دوان لە ئیسلاحات لە چوارچێوەی ڕێژیمدا کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی نێوخۆو تەنانەت بەناو ئوپۆزسیونی دەرەوەو دونیای بەرژەوەندیخوازی ڕۆژئاواشیان دڵخۆش کردبوو. هێنانە بەر باسی ئەم سەناریۆیانە شتێك بێجگە لە دابەشینی کار لەنێو ئاخوندەکاندا نەبوو.

ئێستا پاش ٢٩ ساڵ مەحموود ئەحمەدی‌نەژاد گەڕاوەتەوە سەر ڕواڵەتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی‌و دەستی داوەتە ئاژاوە نانەوە لە ناوچە، پشتیوانی کردن لە دەستەو تاقمە تیرۆریستییەکان، دەستێوەردان لە کاروباری دەوڵەتانی ناوچەو، هەوڵدان بۆ بەدەسهێنانی چەکی ئەتۆمی‌و هەڕەشەی سڕینەوەی ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕووی نەخشەی جوگرافیای دونیا.

ئەمڕۆ کە دونیا هەستی بە مەترسیداربوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کردوە؛ هەوڵدان بۆ مەهارکردنی ئەم ڕێژیمە سەرەڕۆیە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەکەوێتە ڕۆژەڤی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوەو هەر بۆیە تا ئێستا لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە لە ٢ بڕیارنامەی ١٧٣٧، ١٧٤٧ ڕادەیەك لە سزای ئابووریی بەسەردا سەپاوەو ڕێژیم سەرەڕای ئەم گەمارۆیانەش هەروا درێژە بە سەرکێشی‌و وڵام نەدانەوە بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌و درێژەدان بە پیتاندنی ئورانیۆم دەدا، گەڵاڵەی سێهەمی گەمارۆکان لەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاوتوێکردن دایەو بە پێی دوایین لێدوانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گوزینەی نیزامیش بۆ مەهاری ڕێژیم هەروا لە دەستوری کاردایەو گۆڕینی ئەم ڕێژیمە کەوتوەتە ڕۆژڤی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی یەوە.

ڕێژیم ئەگەر لە بواری نێونەتەوەییدا توشی قەیرانە لە بواری ناوخۆییشدا تووشی قەیرانی جۆراوجۆر لە قەیرانی مەشروعیەتەوە بگرە تا قەیرانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ... هتد بووتەوە.

هاوڕێیانی بەڕێز!

ئێران کە بەهۆی بوونی کانگای نەوت لە جیهاندا پاش عەرەبستان‌و کانادا ڕوتبەی سێهەم‌و لە گازیشدا پاش ڕووسیە پلەی دووهەمی لە دونیادا هەیە، بەهۆی بێ کیفایەتی‌و نەزانکاری لەلایەك لە لایەکی دیکە بەهۆی سیاسەتی نادروستی بوحران خوڵقێنی‌و لە تەحریم کەوتنی ڕێژیم لەلایەن بونیادە ماڵییە نێونەتەوەیی یەکانەو بەسترانی ئیعتیباری ماڵی‌و نەهاتنی سەرمایەی خارجی بۆ وڵات، توشی قەیران بووە کە ئەم قەیرانە بەداخەوە بەشێك لە زیانەکەی بۆ چینی هەژارو کەم داهات دەگەڕێتەوە.

لە تازەترین ڕووداودا بە هۆی سەهمیەبەندیی بەنزین کە لە شەوی سێشەممۆ، ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ئەمساڵ لە لایەن ڕێژیمەوە ڕاگەیەندراو ئاڵۆزییەکی زۆری لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئێران لێ کەوتەوەو لە تاران دەیان بەنزینخانە ئاوریان تێ بەردرا، لە تەوریز خەڵك دەستی بەسەر بەنزینخانەکاندا گرتو بەنزینیان بە هەرزانتر لە نرخی دەوڵەتی لیتری بە ٨٠ تمەن بە ماشینەکان دەفرۆشت. بە کورتی ئەم کێشەیە چەند کوژراوێکی لێ کەوتەوە. ڕێژیم کە پێشبینی ئەگەری دووپات بوونەوەی ئەم کێشەیە دەکا، دەوروبەری هەموو بەنزین خانەکانی بە هێزی ئینتزامیو ئەمنیەتی تەنیوە.

کۆنگرەی ئەمریکاش لەم دواییانەدا گەڵاڵەیەکی پەسەند کردوە کە فرۆشتنی بەنزین بە ئێران کە نزیکەی ٥٠٪ ی پێداویستی خۆی لە دەرەوە تەهیە دەکا دەخاتە خانەی تەحریمەکانیەوەو ڕایگەیاندوە هەر وڵاتێك بەنزین بە ئێران بفرۆشێ دەکەوێتە بەر تەحریمەکانی ئەمریکاوە. نەبوونی بەنزین لە وڵاتێکدا کە سێهەمین پاشکەوتی ژێرزەوینیی نەوتی لە دوونیادا هەیە ئە گەر نیشانەی بێ کیفایەتیو نەزانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم نەبێ نیشانەی چیە؟

کێشەی نەبوونی بەنزین بە ڕادەیەك گرینگە کە بە زووترین کات شوێندانەریی خۆی وەدەرخستو نرخی تەواوی شتومەکی بازاڕی بردە سەر کە ئەمە فشارێکی زۆر دەخاتە سەر خەڵكو بەتایبەتی چینی هەژار کە زۆربەی خەڵکی وڵات پێك دێنن.

لە ماوەی ڕابردودا لە لایەن مەلەکەی بریتانیاوە لەقەبی "سێر" بە سەلمان روشدی نوسەری کتێبی "ئایەتەکانی شەیتانی" بەهۆی خزمەتە ئەدەبییەکانی بە ئەدەبیاتی بریتانیا بەخشرا، کە بوو بە هۆی دژکردەوەی توندی ڕێژیمی ئێرانو دانی ئەم لەقەبەیان بە ناوبراو بە تەوهینو سوکایەتی بە ئیسلام لە قەڵەم دا، لەم پەیوەندییەدا، حەدادی عادڵ، سەرۆکی مەجلیسی ئیسلامی ڕایگەیاند کە ئەم کردەوەیە بێ وڵام نامێنێتەوە. لەلایان گرووپە ئیسلامییەکانی ئێرانیشەوە جایزەی کوشتنی سەلمان روشدی نرخەکەی تا ڕادەیەکی دیکەش چوەسەرو ڕێژیم بە هەڕەشەی کوشتنی شاروەندی وڵاتێکی دیکە پەیامی ناردنە دەرەوەی ئیستبدادو شکاندنی قەڵەمی نووسەرانی غەیرە ئێرانیش بۆ دەرەوە دەنێرێ.

لە بواری کۆمەڵایەتییەوە بەهۆی بێکاری، بێ ئاسۆیی، گوشاری زیادە لە حەدی ژیان لەسەر خەڵك، لەژێر خەتی فەقردا ژیان، دیاردە گەلی کۆمەڵایەتی وەك خۆسوتاندن، ئیعتیادو تەڵاق ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبوون دایەو ئەم ئاسیبە کۆمەڵایەتییانە زۆرتر لە نێو توێژی ٢٠ ـ ٣٠ ساڵ دایە ڕۆژ بە ڕۆژ تەمەنی توشبوان بە فەسادی ئیجتیماعی بەرەو خوارتر دێتو ئێستا هەر بە پێی ئاماری ڕێژیم دوو میلیۆنو نیو موعتاد لە ئێراندا هەیە کە زۆربەی هەرە زۆریان لەتوێژی لاوان پێك هاتوون.

باری سەرباری ئەمانەش دەخالەت کردنی ڕێژیم لە ژیانی بنەماڵەکان دایە، دەخالەت لە شێوەی جلو بەرگ پۆشینو لە چەند مانگی ڕابردودا بەرخوردی ڕێژیم بەو ژنانە کە حیجابی ئیسلامییان ڕیعایەت نەکردوە، زۆر بێڕەحمانە بووە. لە تازەترین بڕیاری ڕێژیم بۆ جلو بەرگ پۆشینی خەڵك مۆدیلی جۆراوجۆریان بە خەیاتەکان

داوەو ناوی جل‌و بەرگی میلییان لەسەر داناوە کە لەمەوبەدواوە خەیاتەکان تەنیا دەبێ لەو مۆدیلە لیباسانە بدورن ئەگەرنا دەکەونە بەر سزای ڕێژیمەوە.

هاوڕێیان!

لە هەژدەهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدانی ڤیەندا لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سلاو دەنێرم بۆ شەهیدی نەمر د. قاسملووی هەمیشە زیندو و کاك عەبدۆڵلا قادری‌و بەڵێن لەگەڵ گیانی پاکیان نوێ دەکەینەوە تا سەرکەوتن ڕێبواری بە ئەمەگی ڕێگا پیرۆزەکەیان بین.

هاوڕێیانی بەڕێز!

جێگای خۆیەتی لێرە یادی ڕێبەرێکی تێکۆشەری دیکە، یارێکی بەوەفای ڕێبازی د.قاسملووی ڕێبەر، کاك سەلام عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەکەمان کە لە ٢٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٥ ژووئیەی ١٩٩٩ ی زایینی بە هۆی سەکتەی مەغزی کۆچی دوایی کردو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لێ کردین بکەینەوە.

کاك سەلام لە ساڵی ١٣٥٨دا ئەو کاتە رووی لە ریزی پێشمەرگایەتی کرد کە سەرۆکی دادگای بۆکان بوو. ئەو راحەتیی ژیان‌و ئەو بەرپرسایەتییە گرینگەی بە جێ هێشت‌و رووی لە ریزی پێشمەرگایەتی کرد تا زانیاری‌و توانایی خۆی بخاتە خزمەتی بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتەوە. ئەو لەو ماوەیە کە لە ریزی حیزب دا بوو، پلەکانی بەرپرسایەتیی یەك لە دوای یەك بڕی‌و لە پاییزی ساڵی ١٣٦٨ بە دواوە تا کاتی ماڵئاوایی‌کردنی لە حیزب‌و هاوسەنگەرانی، ئەندامی بە وەج‌و بە توانای دەفتەری سیاسیی حیزبەکەمان بوو.

کاك سەلام هەر لەوکاتەدا کە ڕێبەرێکی ئاگاو بە توانا بوو هەر لەو کاتەش دا مرۆڤێکی خاکی‌و مەجلس خۆش‌و لەسەردلان بوو و بڕوایەکی قووڵی بە ڕێبەریی بەکۆمەڵ هەبوو، دژی تەکڕەوی‌و سەرەڕۆیی خەباتی دەکرد. ڕێبوارێکی بە ئەمەگەی ڕێگای د.قاسملووی ڕێبەر بوو.

ئەو کاتانە کە د.قاسملوو بۆ زیندوو راگرتن‌و وەجووڵە خستن‌و ساخکردنەوەی حیزب خەباتی دەکرد، هاوڕێ کاك سەلام یەکێك لە پشتیوانە هەرە قایمەکانی بوو. ئەو پاش شەهیدبوونی د.قاسملووش یەکێك لە شێلگیرترین ڕێبوارانی ڕێگای مامۆستای ڕێبەر د.قاسملووی نەمر بوو.

سەد حەیف‌و مەخابن بۆ لە دەست دانی ڕێبەرانێکی وەك کاك سەلام.

سلاو لە یادی‌و بەردەوام بێ ڕێگاکەی!

سلاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرو ڕێکخەری جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد هەر بژین‌و سەرکەرتوو بن

*** لەلایە بەڕێز کاك تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، پێشکەش کرا.**